## (٥)

# گفتوگۆی ژیرانە

## ئایا تەنها پیاوان مافیان بەسەر ئافرەتاندا هەیە؟

خوێنەرانی بەڕێز!

ڕوون و ئاشکرایە کە ئێمە بەندەی خوای پەروەردگارین، خوایەکی دادگەر و کارزان و کاربەجێ، خوایەك کە ڕێزی تایبەتی لە مرۆڤ ناوە بەگشتی، بەشێوەیەکی تایبەت درووستی کردوون، ئاوو وشکانی خستۆتە خزمەتی مرۆڤەکان، فەرموویەتی:

﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ﴿٧٠﴾ ﴾ الإسراء.

بەدڵنیاییەوە ئێمە ڕێزمان لەنەوەی ئادەم گرتووە، ئاو و وشکانیمان خستۆتە خزمەتی، لە خواردن و خواردنەوە پاك و باشەکانمان پێ بەخشیوە، وە هەر ئەو مرۆڤەمان بەسەر زۆربەی هەرە زۆری درووستکراوانی تر هەڵبژاردووە.

بەڕێزان!

ئێمە لەو گۆڕەپانی ژیانی دونیایە هەریەکەمان چەند ئەرکێکمان پێ سپێردراوە لەنێو بوارە جیا جیاکاندا ئەرکێك کە لەگەڵ سروشتی خۆمان بگونجێ، ئافرەتان و پیاوان شان بەشانی یەکتر ئەو ئەرکانە تەواو دەکەن، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو ئەرکەی بە پیاو دراوە و بە ئافرەت نەدراوە ناتەواویی بێ بۆ ئافرەت، بە پێچەوانەوەش.

لەڕووی پێگە و مەقامیان لەلای خوای پەروەردگار وەکو یەکن، بەڵام لە سپاردنی ئەرکەکاندا هەندێ جیاوازی لەنێوانیان هەیە بەپێی سروشتی هەر یەکێکیان، ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە، خوای پەروەردگار هەندێ ئەرکی خستۆتە سەر پیاو ئافرەتانی لەو ئەرکانە بوورواوە، بۆ وێنە: ئەرکی جەنگ و جیهاد و بەرگری کردن لە ئاین و خاك و نیشتمان بە چەك، ئەمە ئەرکێکی قورسە و زیاتر لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی پیاودا دێتەوە نەك ئافرەت، بەهەمان شێوە نوێژی بەکۆمەڵ، بەو شێوەیەی کە لەسەر پیاواندا پێویستە بەو شێوەیە بۆ ئافرەتان پێویست نییە.

ئەمەش مانای ئەوە نییە ئافرەتان بێ بەش بووبن لە پاداشــتی ئــەو عیبادەتانــە، بــەڵکو خوای پەروەردگار وای کردووە بەهۆی هەندێ ئەرکی تــرەوە بــۆی قــەرەبوو کردوونەتــەوە، ئەرکێك کە لەگەڵ سرووشت و پێکهاتەیاندا بگونجێ، وەك خوێندنەوەی قورئان، گوێڕایەڵی پیاوان لەچاکەدا، بەخێو کردنی منداڵەکان، ساز کردنی کار و بارەکانی ناو مــاڵ، هــەمان ئەو پاداشتە وەردەگرێ کە پیاوان لە جەنگ و جیهاد و نوێژی بەکۆمەڵ وەریدەگرن!

یەکێ لەو ئایەتانەی کە لەوانەیە هەڵە تێگەیشتن تێیدا ڕوبدات، پێویستی بە ڕوونکردنەوە و گفتوگۆ کردنێکی ژیرانە هەیە ئەو ئایەتەیە کە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿ وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ﴿٢٢٨﴾ ﴾ البقــرة، لــە چــاکەدا ئافرەتــانیش بەهەمان شێوەی ئەوەی کە لەسەریانە ئەوەشیان بۆ هەیــە، وە پیــاوان پلەیــەکیان بەســەر ئافرەتانەوە هەیە.

بەڵام بزانین ئایەتەکــە چــی دەفــەرمووێ: ئافرەتــانیش مــافی ئــەو ئەرکانــەیان هەیــە کــە لەسەریانە و جێبەجێی دەکەن، بەڵام پیاوان پلەیەکیان زیاترە، با بزانین مەبەست چییە لەو پلەیە؟ بزانین توێژەرانی قورئان و شەرعناسان چۆن باسی ئەو پلەیەیان کردووە، ئایا ئەمە پێشخستنی پیاوە بەسەر ئافرەت؟

١)- لە تەفســیری ئــیبن کــەثیر و تەفســیری (الــدر المنثــور)دا هــاتووە کــە {ئــەم پلەیــە نەبەستراوەتەوە بە تەڵاق، بەڵکو ئەمــە حــوکمێکی گشــتییە، خــوای پــەروەرگار دەیــەوێ پەیوەندی ژن و پیاو لەژیانی هاوسەرگیری و خێزانداریاندا پتەو بکات، ژیانیان ڕێك بخات، جۆرێك لە هاوسەنگی لەنێوانیاندا درووست بکات}.

٢)- کۆمەڵێك زانای دیکە گوتوویانە: {ئایەتەکە دەبێ لەســیاقی خۆیــدا ســەیر بکــرێ، باسەکە باسی تەڵاق و جیا بوونەوەیە، چونکە تەڵاق و گێڕانەوە مافێکــە دراوە بــە پیــاو، دیارە ئەگەر بدرابووا بە هەردووکیان نەدەگونجا، خوای پەروەردگار مافی مــارەیی داوە بــە ئافرەت، پیاو دەبێ مارەیی پێ بدا، لەبەرامبەردا مافی تەڵاق و گێڕانەوەی داوە بە پیاو}.

٣)- موجاهید ڕەحمەتی خوای لێبێ کە یەکێکە لە توێـژەرەوانی قورئـان و قوتـابی ئـیبن عەبباسە بۆچونێکی دیکەی هەیە دەڵێ: {ئەم پلەیـە بـەهۆی دوو ئەرکەوەیـە یەکـەمیان جیهاد کردن و ئەوەی دیکەیان میرات} لە میراتدا کـە دوو بـەش هـی پیـاوە بەتایبـەت میراتی دایك و باوك، بەشێك هی ئافرەتەکە.

٤)- ئیبن و زەیدون دەڵێ: {ئەم پلەیە گوێڕایەڵ کردنی ئافرەتە بۆ پیاوەکەی، واتە: بۆیـە پلەیەکی بەسەر ئافرەتەوە هەیە چونکە ئەرکی گوێڕایەڵ کردنی پیـاوی پـێ سـپێردارە لـە شتە چاکەکاندا}.

٥)- شەعبی دەڵێ: {ئەم پلەیەی پیاو بەسەر ئافرەتەوە بەهۆی ئەوەیە کە مارەیی دەدا بە ئافرەت}، واتە: لەبەر ئەو مافەیە کە ئافرەت بەسـەر پیـاوەوە هەیـەتی کـە بریتیـە لـە مارەیی، بەهۆی پێدانی ئەو مارەییە پیاوان ئەو پلەیەیان هەیە.

٦)- ابن عەبباس ڕایەکی هەیە کە ابن عەتییە و تەبەری پاڵپشتی ڕایەکەی دەکەن دەڵێ: {خوای پەروەردگار فەرمانی بە پیاو کردووە بەشێوەیەکی جوان مامەڵـە لەگـەڵ ئـافرەت بکات، وە فەرمانی پێ کردووە نەفەقەی خێزان و منداڵەکانی بکات و ڕزق و ڕۆزیـان بـۆ پەیدا بکات، کاتێ پیاو ئەو ئەرکانەی خۆی بەرامبەر خێزانەکەی جێبـەجێ دەکـات ئـەو کـات ئـەو پلـە زیـاترەی پـێ دەدرێ و پاداشـتی لەسـەر وەردەگـرێ، ئـەو پلەیـەش کورتهەڵهاتووە لەو ئایەتەی کە خوای پـەروەردگار دەفـەرمووێ: ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ ٣٤ ﴾ النسـاء، پیاوان قەووامەیان هەیە بەسەر خێزانەکانیان، ئەم قەوامەیە لەو نەفەقە و ماڵەیە کە بـۆ خێزانەکەی سەرف دەکات، هەروەها پارێزگاری لە خێزانەکـەی دەکـات، بـاڵی خـۆی بـۆ ڕادەکێشی چاودێری ماڵەوە دەکات، بەو پەڕی سۆز و خۆشەویستیەوە، کەواتە: ئەم پلەیـە تەکلیفە نەك تەشریف، واتە: ئەرکە نەك ڕێزێکی زیاتربێ لە ڕێزی ئافرەت}، ابن عـەتییـە دەڵێ: {ئەم قسەیەی ابن عەبباس قسەیەکی زۆر بەهێز و لەجێیە}.

لەم بۆچوونانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خوای پـەروەردگار پیـاوان و ئافرەتـانی وەك یـەك سەیر کردووە، ئەوەی باس کراوە تەنیا دابەش کردنی ئەرکەکانە هیچ فـەزڵ و گەورەییـەك بۆ یەکێکیان نییە بەسەر ئەوەی دیکەیان، شێوازی مامەڵەی هەر یەکێکیانە لەگەڵ ئەوەی دیکەیان.

سروشت و پێکهاتەی پیاو ئەوە ناخوازێ ئافرەت پلەیەکی بەسەر ئەوەوە هەبێ، بـەردەوام فەرمان بەسەر پیاودا بکات، بەڵام ئەمە بۆ ئافرەت شتێکی ئاسـاییە، سروشـتی ئـافرەت وایە کە کاتێ پرس بە پیاوەکەی دەکات ئەم کارە بکەم یان نەیکەم پیاوەکـەش بۆچـوونی خۆی پێ دەڵێ: ئافرەتەکە دڵی زۆر بەمە خۆش دەبێ، بەپێچەوانەوە پیاوان لەمەدا هەست بەکەم و کـوڕی دەکـەن ئەگـەر فـەرمانیان بەسـەردا بکـرێ، کەواتـە: لایـەنی دەروونـی هەریەکێکیان بەم شێوەیەیە.

ئەو ئەرکانەی بە هەر یەکێکیان سپێردراوە لەگەڵ سروشتی خۆیان دێتەوە، بـۆ وێنـە ئـەو ئارامییەی بە ئافرەت دراوە بە پیاو نەدراوە، لەمنداڵ بەخێو کردندا، ئـافرەت نـەبێ کـێ دەتوانێ (٢٢) مانگ شیر بە منداڵ بدات، هەموو پیاوی دونیا کۆبکەیتەوە نـاتوانێ ئـەم ئەرکە جێبەجێ بکات، منداڵەکەش هەر دڵی بە دایکەکەی دادەکەوێ کە ئەم شـیری پـێ بدات.

ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ حیکمــەتی خــوای پــەروەردگار مرۆڤــەکانی بــەم شــێوەیەی سروشتاندوون وە کارەکانی بەم شێوەیە ڕێکخستوون.

ئینجا بەڕێزان!

هەندێ شت بەرپرسیارێتیەکی زۆر گەورەیە، زۆر قورسە، بۆ وێنە کـاری پێغەمبەرایـەتی، ئەو هەموو سەرانی کوفرە دژایەتی دەکەن، ئەگەری ئەوە هەیە شەهید بکرێ، وەك دیـارە چـەندین پێغەمبـەر لەسـەردەمی بـەنی ئیسـرائیلدا شـەهید کـراون، ئـارەق و خـوێن و ماندوبوونی دەوێ، دەربەدەری و ئاوارەیی تێدایە، کەسێك کە خاوەن ئینساف بێ دەزانـێ کە ئەم کارە لەگەڵ سروشتی ئافرەتاندا نایەتەوە، ئافرەتـان بـەدەنێکی ناسـکیان هەیـە و بەرگەی ئارەق ڕەشتن و خـوێن ڕشـتن و برینـدار بـوون نـاگرن، بۆیـە خـوای پـەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۖ ۝٧ ﴾ الأنبياء.

ئەمە مانای ئەوە نییە خوای گەورە یەکێکیانی زیاتر لەوەی دیکە خۆش بوێ، بۆ نموونـە: پیاوێك چەند کوڕ و کچێکی هەیە، هەر یـەکێکیان بەهرەیـەکی تێدایـە، یـەکێکیان لـە کۆمپیوتەر، ئەوەی دیکەیان لە زمان، ئەوەی دیکەیان لە وەرزش، دایك و باوکەکە بەپێی زیرەکی منداڵەکانیان لە بوارەکەی خۆیان زەمینە سـازیان بـۆ دەکـەن، ئایـا ئەمـە ئـەوە دەگەیەنێ ئەم دایك و باوکـە جیاوازییـان لـەنێوانی منداڵـەکانیان کردبـێ، کـوڕ و کـچ بەهەمان شێوە، دایك و باوك ئەوەی لەگەڵ کوڕەکەیان دەکەن لەگەڵ کچـەکەیان نایکـەن، بە پێچەوانەوەش، ئەو داواکاریانەی کوڕ هەیەتی کچ نیـەتی، ئـەو داواکاریانـەی کچـیش هەیەتی کوڕ نیەتی.

بەڕێزان!

دەبێ بزانین خوای پەروەردگار دوو شتی تایبەت کردووە بەخۆیەوە، دەفەرمووێ: ﴿ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ﴿٥٤﴾ ﴾ الأعراف، خوای پەروەردگار دروستکردنی شتەکان و دابـەش کردنـی ئەرکەکانی تایبەت کردووە بەخۆی، دروستکراوان ئەو دروستی کردوون هەرخۆشی دەزانـێ چۆن بەرپرسیارێتیەکان دابەش بکات، ئێمە تەنیا دەزانین هەر شتێك کە خوای پەروەردگار ئەنجامی دەدات کۆمەڵێك فەلسەفە و حیکمەتی کارزانی تێدایە، جا لەوانەیـە ئێمـە درك بەهەندێکی بکەین و درك بەزۆر لایەنیشی نەکەین.

ئێمە هەم بە ئەزموون و هەم بە زانست بۆمان دەرکەوتووە کە هەر کاتێ شت لەشوێنی خۆی دانەنرا ئەنجامی پێچەوانە دەدا بەدەستەوە، ئەوەی بۆ پیاوان دانراوە و ئەوەشی بۆ ئافرەتان دانراوە لەلایەنی خوای پەروەردگار گونجاوە سروشت و فیترەتی خۆیان، هەر کاتێك ئەرکەکانیان بگۆڕنەوە ئەنجامی زۆر نەخوازراو و نەشیاو دێتە ئاراوە، بۆیە ئێمەی ئافرەت دەبێ ئەو ڕاستییە بەجوانی بزانین، خوای پەروەردگار بەهیچ شێوەیەك ئافرەتانی بەکەمتر هەژمار نەکردووە، تەنانەت پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەرە مەرگدا لەنێو ئەو هەموو شتە گرنگانەی ژیاندا زیاتر جەختی لەوە کردووە کە پیاوان بەچاکە و بەباشە مامەڵە لەگەڵ خێزانەکانیان بکەن.